# ئایا تۆ نامەیەکت لەلایەن ئەنجومەنی ساندوێڵ (Sandwell) بەدەست گەیشتووە؟

تکایە بە وریاییەوە سەیری بکە و ئەگەر پێویست بوو وەڵام بدەوە.



Sandwell
Metropolitan Borough Council

لە هەموو ساڵێکدا ئەنجومەنەکە نامە بۆ هەموو خانەوادەیەک دەنووسێت بۆ زانینی ئەوەی کە کێ لەوێدا دەژیت. ئەمە پێی دەوترێت پشکنینی ساڵانە. ئێمە ئەم کارە ئەنجام دەدەین بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو ئەو کەسانەی شایستەی دەنگدانن، بتوانن دەنگ بدەن.

لە مانگی ئابدا نامە بۆ هەموو خانەوادەیەک نێردراوە.

**تکایە ئەو نامەیەی کە بۆمان ناردوویت بە وریاییەوە بخوێنەوە یان داوا لە کەسێک بکە کەوا بۆت بخوێنێتەوە.** ئەمە پابەندبوونێکی یاساییە کە وەڵامی نامەکە بدەیتەوە ئەگەر پێت بگوترێت کە ناچاریت وەڵام بدەیتەوە.

زۆربەی خەڵک پێویست ناکات وەڵامی نامەکە بدەنەوە ئەگەر ئەو زانیارییەی کە لەبارەی خانەوادەکەیان لەلامانە، دروستە.

پەیڕەوی لە ڕێنماییەکانی سەر نامەکە بکە و بەشێوەی ئۆنلاین، تێکست، یان لەڕێگەی تەلەفۆن، یاخود بەهۆی پۆستە وەڵام بدەوە ئەگەر وردەکارییەکان هەڵە بن، یان ئەگەر لەنامەکە نووسرابێت کە ناچاریت وەڵام بدەیتەوە.

ئەگەر نامەکە پێت بڵێت کە ناچاریت وەڵام بدەیتەوە و ئێمەش وەڵامی تۆمان بەدەست نەگات، ئەوا وەبیرهێنانەوەت بۆ دەنێرین.

دەکرێ پەیوەندیت پێوە بکەین یان سەردانت بکەین بۆئەوەی دڵنیابین لەوەی وەڵام دەدەیتەوە.

ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی هەیە یان دڵنیانیت لەوەی کە نامەکەت بەدەست گەیشتووە، ئەوا دەتوانی پەیوەندی بکەیت بە تیمی هەڵبژاردن بە ژمارە

**0121 569 3244** یان لەڕێگەی ئیمەیل
**electoral_services@sandwell.gov.uk**

بۆ وردەکارییەکان: **www.sandwell.gov.uk/annualcanvass**

Sandwell
Metropolitan Borough Council